زنجیره‌ی بابه‌ته فیگرییه‌کان ۹

پەیامەکانی گەنجان ۳۵

ئایا قورئان دانراوی موحەممەدە ؟

منتدى إقرأ الثقافي
www.iqra.ahlamontada.com

موحەممەد مەلا صالح شارەزووری

منتدى إقرأ الثقافي

پەیامەکانی ڕێنوێن بۆ گەنجان

ئایا قورئان دانراوی موحەممەدە ؟

ئامادەکردن و پێشکەشکردنی
مامۆستا موحەممەد مەلا صالح شارەزووری

زنجیرە پەیامەکانی گۆڤاری ڕێنوێن ژمارە (٣٥)

ناوی کتێب: ئایا قورئان دانراوی موحەممەدە ؟

نوسینی: مامۆستا موحەممەد مەلا صالّح شارەزووری

* ناوی زنجیرە: زنجیرەی بابەتە فیکرییەکان

* ژمارەی زنجیرە: ٩

* تیراژ : ١٠٠٠ دانە

* نۆبەی چاپ: دووەم

* ساڵی چاپ: ٢٠١٥

* ژمارەی لاپەڕە : ٤٤ لاپەڕە

* دیزاین : ڕێنوێن

* پێداچونەوەی: کۆچەر محمد مەلا صالح

* چاپ : چاپخانەی ڕێ نوێ

* سەرپەرشتیکار : سەرکۆ کریم احمد

* نرخ : تەنها (١٥٠٠) دینار

* ئیمەیڵ: renwen٢٠٠٩@yahoo.com

* ماڵپەڕ: www.aubyc.com

(ئەم بەرهەمە تەعبیر لە بۆچونی نوسەر دەکات)

پێشەکی :

ئەمەوێت سەرنجێك بۆ ئەو خوێندەوارانەی کە ئەگەڕێن بە شوێن ڕاستی و یاسای هەتاهەتایی قورئاندا ڕوون بکەمەوە.. ئەویش مژدەی هاتنی مامۆستای نوێخواز لە ڕێبازی ئایینداً لە دەربڕینی هەستی ئایینیداو کێشەری ئایین بە تەرازوی زانیارییەکانی سەدەی بیست و بەرەنگاری لەگەڵ قوتابییە دواکەوتەکانی بیری فەلسەفەی بێ ئامانج....

(موحەممەد مەلا صاڵح شارەزووری)یە، واتە خاوەنی ئەم نامیلکە بچکۆلەیەی کە توانی بە زمانی چەرخەکەمان بیچەسپێنێ کە قورئان نێرراوی خاوەنی ئەم بونەوەرەیە بۆ موحەممەد ﷺ و پەیوەندی بە کەسایەتی موحەممەدەوە نییە، ئەویش بە شێوەی (محاضر)ەیەك لە شەوی بەفەڕ (ليلة القدر)ی (١٣٩٥)ی کۆچیدا، بە ئامادەیی کۆمەڵێکی ڕۆشنبیرو لاو لە شارە بچکۆلەماندا فەرمووی:

هەرچەندە میللەتەکەمان نەگەیشتۆتە ئەو ڕادەیەی کە لێکۆڵینەوەی ئایین تێکەڵ بە لێکۆڵینەوەی زانست و فەلسەفە بکرێت بۆی...

بەڵام لێرەدا مامۆستا (شارەزووری) هەستاوە بەو ئەرکە گرنگەو شانی داوەتە بەرو هەنگاوی ناوە بۆ ئەم مەبەستە،

ئێمەش بە هیوای سەرکەوتنین بۆ م.شارەزووری، زۆر شادومانین کە بۆمان دەرکەوێت بە هۆی زانستەکانی کیمیاو فیزیاو ماتماتیکەوە بیسەلمێنێ کە ئایینەکەمان و یاساکەمان (یاسای قورئانی پیرۆز) یاسایەکی هەمیشەیی و دەست لێ نەدراوە، بەتایبەتی لە کاتێکدا کە مامۆستا (رشاد خليفة) لە بارەی ژمێرەری ئەلکترۆنییەوە ئەدوێت و ژمارەی (١٩)ەی (بسم الله) ئەکاتە هاوسەنگ بۆ کێشانی هەموو سورەتەکانی قورئانی پیرۆز.

تائێستا وامانزانیوە هەرکەسە بە ئایینەوە خەریك بێت پێویستە گوێ نەگرێت لە گۆڕانکارییەکانی زانست و پلەی پێشەوەچونی قۆناغەکانی ژیان، وە هەرکەسەش بە زانستەکانەوە خەریك بێت دوورە لە قورئانەوە، واماندەزانی کە ڕۆشنبیر ئەوەیە پێش هەموو شتێك واز لە ئایین و هەموو نەریتێکی نەتەوایەتی خۆی وازلێهێنابێت، بەڵام وا بۆمان دەرکەوت کە ئایینی ئیسلام . بە پێچەوانەی ئایینەکانی تر‌ەوە . شان بە شان، بەڵکو لە پێش زانستەکانەوە دەڕوات و ئەوەی کە ئێمەی سەدەی بیست ئێستا دەیخوێنین ئەو پێش (١٤٠٠) ساڵ دەستی بۆ ڕاکێشاوە.

داخوازیمان لە ڕۆشنبیرەکانمان ئەوەیە کە قوڵتر لەو ئایینەی لە باو باپیرانەوە بۆیان بەجێ ماوە لە ئیسلام بکۆڵنەوە هەتا

بۆیان دەربکەوێت کە ئیسلام تەنها بریتیی نییە تەنها لە نوێژو ڕۆژوویەك، بەڵکو ئیسلام ڕێبازێکی ژیانەو مرۆڤایەتی بەبێ ئەم ڕێبازە تامی بەختیاری ناچێژێت، هەروەها داخوازیم لە هەندێ لە زانایانی ئاییینی ئەوەیە کە نەبنە کۆسپ لە ڕێگەی ئەو مامۆستایانەی کە ئەیانەوێت زانست و پێشکەوتنی ماددی بکەنە چەکێك بۆ پارێزگاری لە گیانی خاوێنی ئیسلامو ئیسلام نەبەستن بە چەند کتێبێکی دیاری کراوەوە کە ئەو کتێبانەش چەند مرۆڤێکی وەك ئێمەو ژیاوی چەند سەدە لەمەوبەر داینابێت و بەکەڵکی ئەمڕۆی ئێمەش نەیەت و لاوەکانیشمان وابزانن کە ئیسلام بە کەڵك نایەت.

هیوادارم خوا یارمەتیمان بدات بۆ دۆزینەوەی ڕێگای ڕاستی ژیان.

محێدین ڕەشید گەڵاڵی

مامۆستای ماتماتیك و فیزیك لە قوتابخانەی ناوەندی سەیدصادق

بۆچوون :

دانيشـتوانى بـەڕێز بـەخێرهاتنى گـەرم و گوڕتـان دەكـەم و هيوادارم كه بتوانين گوێى دڵمان بكەينەوە و هەوڵ بدەين وتەى چاك ببستين.

بەڕێزان.. ئەمشەو كه شەوى بەفەڕ (ليلة القدر)ە[1]، ڕونه كه لـەم شـەوەدا يەكـەم وتـەى قورئانەكـەمان هاتووەتـه خـوارەوە بـۆ پێغەمبەر ﷺ و بەم بۆنەيەوە له هـەموو جيهـانى ئيسلامى كـۆڕى خواپەرستى ئەكـەن و لەگـەلێ شـوێن لـه بـارەى ئـەم قورئانـەوە ئەدوێن، خۆشحاڵم بـۆ يەكـەمجار لـەم كـۆڕەدا هاوبەشيم لەگەڵدا بكەن و لەبارەى ئەم قورئانەوە بدوێن، بەڵام ئەوەى كه گرنگ بێت بـه لامانـەوە و جێگـاى لێكۆڵينـەوەى زيـاتر بێت تـەنها ئەوەيـه كـه (ئايـا قورئـان دانـراوە موحەممـەدە ؟ ، يـان نێـرراوى خوايـه بـۆ موحەممەد)، جا ئەگەر توانيمان بيسەلمێنين كه نێنراوى خوايـه، ئەوە به تيرێك سێ نيشانه ئەشكێنين:

يەكەم: دەيسەلمێنين كه خوايەك هەيەو بەرنامەيەكى بـۆ مـرۆڤ ناردوە.

دووەم: موحەممـەد . دياريـيـه . نێـرراوى ئـەو خوايەيـه، ئـەگينا چۆن بەرنامەيەكى ژيانى بۆ ئەنێرێ.

---

[1] ساڵى ١٣٩٥ى كۆچى و له مزگەوتى گەورەى سەيدصادق .

سـێهەم: قورئـان داخـوازی خوایـە لـە بەنـدەکانی، خـۆ ئەگـەر نـــەشمانتوانی بیســـەلمێنین واشـــیرازەی ئیســـلام لای ئێمـــە هەڵوەشاوە ئەبێت.

لێـرەدا لـە هـەموو شـت سـەیرتر ئەوەیـە زۆربـەی ئەوانـەی باوەڕیان بە قورئان نییە کە نێرراوی خوایە، هیچ لێی ناکۆڵنەوەو وادەزانن پێویستی بـە خۆماندو کردن نییەو چەسپاندویانە کـە قورئـان دانـراوی موحەممـەدە، ئـیتر لێکۆڵینـەوە پێویسـت نییـە، تەنانەت ناوبردنی بەڵگەیش بڤڤەیە، ئـەم پاگەندەیـە جار بۆ جار تـازە ئەکرێتـەوە لـە هـەموو کـاتو ڕۆژێکـدا، بـەڵام چـونکە ئـەم بۆچونە بـە بەڵگـەوە ناکەوێتـە بـەردەم لێکۆڵینـەوە، لەگـەڵ تـەرمی خاوەن ڕاکەدا ئەخرێتە گۆڕەوە.

ئێمـە بـەو شـێوەیە نـاودێین، بـەڵکو بەڵگـەی ڕاسـت بنچـینەی لێکۆڵینەوەکەمانـەو تـەنیا گـوێ بـۆ وتـەی زانایـانی و ژێـری ئـەگرینو دواجـار بڕیـار دەدەیـن، پێشـەکی بـابزانین ئایـا پلـەی خوێندەواری موحەممەد ﷺ تا چ ڕادەیەك بووە؟

چونکە وەکو لەمەودوا باسـی ئەکـەین قورئـان لـە پلەیـەکی زۆر بـەرزی خوێندەواریدایـەو ئـەم هـەموو پێشـکەوتنەی کـە زانسـتی ئێستا پێی گەیشتووە نەگەیشتۆتە پلەی بەرزی قورئـان تەنانـەت بە ئامێری ئەلیکترۆنیش.

نەخوێندەواری موحەممەد :

ئاشکرایە دانانی بەرنامەیەکی ژیانیی وەک قورئان، بە مرۆڤێکی ئاسایی ناکرێت، بگرە بە بە کەڵکترین پرۆفیسۆریش ناکرێت، جا ئەگەر ئێمە بڵێین (موحەممەدﷺ) نەخوێندەوارە، ئیتر جێگای گومان نابێت کە قورئان بالادەستە تەرە لە موحەممەد و لە هەموو ئادەمیزادێکی سەدەی موحەممەد، چونکە ژیریی وەریناگرێت کە کارێک بە پرۆفیسۆرێکی ئەمڕۆی ئێمە ناکرێت، ئیتر چۆن نەخوێندەوارێکی (١٤٠٠) ساڵ لەمەوبەر و ژیاوی نەزانترین گەلی ئەوکاتە دەتوانێت بیکات ؟

(ٱلَّذِينَ يَتَّبِعُونَ ٱلرَّسُولَ ٱلنَّبِيَّ ٱلْأُمِّيَّ) (الأعراف: ١٥٧).

ئەو موسوڵمانانە ئەوانەن کە شوێنی ئەو پێغەمبەرە نەخوێندەوارە ئەکەون و لەسەر ڕێبازە ڕاستەکەی ئەو ئەڕۆن.

لە شوێنێکی تردا قورئان دەفەرموێ بە موحەممەدﷺ:

(وَمَا كُنتَ تَتْلُوا۟ مِن قَبْلِهِۦ مِن كِتَٰبٍ) (العنكبوت: ٤٨)

واتە: موحەممەد تۆ پێش هاتنی قورئان هیچ پەڕاوێکت نەخوێندوە.

ئەمانەو چەندین ئایەتی تر بە خەڵکی ئەگەیەنێت کە (موحەممەدﷺ) نەخوێندەوارە، لێرەدا پەنا بە خوا بابڵێین باوەڕمان بەوە نەبێت کە قورئان ئەڵێت موحەممەد تۆ

نەخوێندەواریتو بڵێین خوێندەوار بووە، ئایا چۆن ناحەزەکانی موحەممـەدﷺ، موحەممـەدیان بـە درۆ نەئەخسـتەوە و چـۆن موحەممـەد ئـەیتوانی لـەناو ئـەو هـەموو ناحەزانەیـدا بڵێـت مـن نەخوێندەوارم؟ چۆن بە درۆیان نەدەخستەوە؟ چۆن نـەیان دەوت تۆ لە فلانە پۆژ لای فیسارە خوێندەوار خەریکی خوێندن بویت؟ ئاشکرایە نەبووەو زۆر پوونە موحەممەد نەخوێندەوار بووە.

کاتێـک بـۆ یەکـەمجار سـروش (وەحـی) بـۆ هـات، زۆر ترسـاو نەخۆش کەوتو بە دەم لەرزەوە هاتەوە بۆ ماڵەوەو نەیدەزانی کە ئـەبێت بـە پێغەمبـەرو نەیـدەزانی چ بـارێکی گـران بەسـەر شـانیدا دراوەو چـی چـاوەڕێی دەکـات ؟ هـەتا خێزانـە دڵسـۆزەکەی (خەدیجە) دڵخۆشی دایەوەو پێی فـەرموو: "مەترسـە تـۆ هـەرگیز لە ژیانتدا زیان نابینی، چونکە چاکترینو دڵنـەرمترین مرۆڤیـتو یارمەتی لێ قەوماو ئەدەیتو سەر لە کەسو کارت ئەدەیت".

ئەگـەر موحەممـەد خـۆی نوسـەرو دانـەری قورئـان بێـت بۆچـی ئەبێت نەخۆش بکەوێتو پێویستی بە دڵنەوایی هەبێت ؟

مەبەستی چی بوو ؟

با ژیری پـی شـێل بکـەینو بڵـێین، ئەگـەر موحەممـەدﷺ خـۆی نوسـەرو دانـەری قورئـان بـوبێ، ئـەبێت مەبەستی چـی بوبێت کـە فەرمویەتی: من ئەم قورئانەم لە لایەن خـواوە بـۆ دێت؟ مەبەستی کۆکردنـەوەی دارایـیو سـامان بـوو؟ ئـەی مەبەستی دابینکردنـی ئافرەت بوو؟ ئەی مەبەستی سـەرۆکایەتیو پاشایەتیی بـوو؟ بـا بـزانین کاتێـک موحەممـەد بانگـەوازی کـرد لـەناو قوڕەیشـدا فەرمووی: "مـن نێـرراوی خـوام بـۆ لای ئێـوە هـەتا خـوا بـە تـاکو تـەنها بپەرسـتنو بـت نەپەرسـتن"، ئایـا قوڕەیشـییەکان چـۆن پێشوازیان لێ کرد؟ وتیان: فەرت هێنا، بەخوا شتێکی باشت بـۆ هێنـاوین؟ دیاریـیـە نـا، بـەڵکو بـە ناپیـاوترین شـێوە لەگـەڵی هەڵسانو بە ناپەسەندترین شێوەو کردەوە لەگەڵی جوڵانەوە.

ئایـا لـە کـاتی نوێژکردنیـدا لـە کەعبـە، پیسـایی نـاو ورگـی ئاژەڵیـان نەخسـتە سـەر سـەری ؟ ئایـا بـە هـەزاران فرۆفێڵیـان بەکارنـەهێنا بـۆ کوشـتنی ؟ ئایـا بـۆ مـاوەی سـێ سـاڵ هـەمویان دەرنەکرانـە دەرەوەی مەککەو دەنگیـان لـێ دانـەبڕینو لـە شـیوی ئەبوتالیبدا بە گژو گیاو کولەمەرگی نەژیان ؟[٢].

---

[٢] بڕوانە کتێبی ژیانی پێغەمبەری مەزن ﷺ، مامۆستا شێخ عەزیز پارەزانی، ل٢١٢.

لـەم کاتانـەدا کـە زۆر جـار موحەممـەدﷺ لـە برسـاندا بـەردی دەخستە ژێر (تەکبەند) پشتێنەکەیەوە، عەتیەی کوڕی ڕەبیعە بە نێرروای لە لایەن قوڕەیشییەکانەوە هات بۆ لای موحەممەدو پێی وت: برازا گیان تۆ دەزانی کە ئێمە خاوەنی چ ڕێزێکین لە یاسای خێڵایەتیداو چۆن پلەیەکی بەرزمان هەیە لـە ڕەگەزایەتیدا، بـەڵام تۆ شتێکی گرنگت هێناوە بـۆ ناومـان، کۆمـەڵت تێکداین، خـەوی شـادیت زڕانـدین، گـوێم لـێ بگـرە چـەند پێشـنیارێکت ئەخەمـە بەردەست، بەڵکو یەکێکیان هەڵبژێریت.

موحەممەدﷺ فەرمووی: بڵێ باوکی وەلید، بزانم گـوێم لێتـە، وتی: "برازاگیـان ئەگـەر بـە هێنـانی ئـەم ئایینـە تازەیـە مەبەسـتت کۆکردنەوەی ماڵو سامانە، ئەوەندە ماڵت بۆ کۆدەکەینـەوە تـا لـە هەموومان دەوڵەمەندتر بیت، ئەگـەر مەبەستیشـت سـەرۆکایەتییە ئەوا دەتکەین بە سەرۆک و گـەورەمان، هـیچ شـتێك بـێ پرسـی تـۆ ناکـەین، ئەگـەر زەوی و زارت ئـەوێ چـەندت ئـارەزوو هەیـە ئامـادەین بتـدەینێ، خـۆ ئەگـەر جنۆکـەو خێـو دەسـتی لێوەشـاندویت و پێـت چـار ناکرێـت هەرچـییەکمان هەیـە لـە پێناوتدا دایدەنێین هەتا لای پزیشك چاکت دەکەینەوە".

موحەممـەد فـەرموی: لـە پێشـنیارەکانت تـەواو بـووی؟ وتـی: بەڵێ.

موحەممـەد فـەرموی: دە گـوێم لێبگـرە: دەستی کـرد بـە قورئـان خوێنـدن بەسـەریدا لەسـەرەتای سـورەتی (الفصـلت)ەوە هـەتا گەیشتە (فَإِنْ أَعْرَضُوا فَقُلْ أَنذَرْتُكُمْ صَٰعِقَةً مِّثْلَ صَٰعِقَةِ عَادٍ وَثَمُودَ ﴿١٣﴾) لێرەدا عەتیە خۆی پێ رانەگیراو هاواری لێ بەرزبویەوەو دەستی گـرت بـە دەمـی موحەممـەددا‌و موحەممـەدی بێدەنگ کـرد، پـاش بێدەنگ بـونی موحەممـەد بـەبێ ورتـە هەڵسـاو گەڕایـەوە بـۆ نـاو قورەیشییەکان، ئـەوانیش هـاتن بـەرەو پـیری و وتیـان: هـا چـیت کـرد بـاوکی وەلیـد؟ وتـی: چـیم کـرد؟ بـە خـوا شـتێکی بـۆ خوێندمـەوە نەهەڵبەستە هەڵبەست بێ‌و نەسیحرو جادووە، نـە هـی فاڵچییەکانە، تکاتـان لـێ دەکـەم کۆمـەڵی قـورەیش واز لـەم پیاوە بهێنن چی دەکات با بیکات.

قورەیشییەکان دوا پـلاری ناچاریان ئـەوە بـوو وتیـان: ئـەوە جادوی لـێ کردویـت باوکی وەلید وتـی: مـن پێشنیارم وایـە جـا خۆتان چی لـێ ئەکەن بیکەن.

ئـەم وتوێـژ (ڕێکـەوتن = مفاوضـات)ە جـار بـۆ جـار دوپـات ئـەبوەوە، چـونکە ئـەوان (وەک زۆربـەی زاناکـانی خۆمـان) وایـان دەزانـی موحەممـەد مەبەسـتی کۆکردنـەوەی دارایـی و سـامان‌و پایـەی نـاو خەڵکییـە، جـارێکی تـر قورەیشـییەکان چـوونە لای ئەبوتالیبی مامی‌و وتیان: برازاکەت ئابڕوی بۆ نەهێشتوین‌و پلار

ئەگریّتـە خواکانمـانو ئـاییننیّکی تـازەی هیّنـاوە، ئەگـەر واز لـەم بیروبـاوەڕەی بهیّنـیّ داوای چـی ئـەکات بـۆی ئەکـەین، گـەورەیی ئەویّ، ژنی ئـەویّ، دارایـی ئـەویّ، چـی بـویّ بـۆی دەکـەین، تـۆ لـە جیاتی ئیّمە ئەمەی پیّ ڕابگەیەنە، خۆ ئەگەر هەر واز ناهیّنیّو بە تـۆیش (واتـە ئـەبوتالیب) چارەسـەر ناکریّـت ئـیتر وازی لـیّ بیّنـە ئیّمـە چـارەی ئەکـەین، کاتـیّ مـامی ڕۆیشـت بـۆ لایو پیّشـنیاری قوڕەیشـییەکانی پـیّ ڕاگەیانـد، موحەممـەد بـە دڵیّکـی پـڕ لـە بـاوەڕەوە بەرامبـەر بـە بیروباوەڕەکـەی وتـی: (واللّه لـو وضـع الشمس في يميني والقمر في يساري على أن أترك هذا الأمر ما تركته حتى يظهره اللّه أم أهلك دونه).

واتـە: سـوێند بێـت بـە خـوا ئەگـەر هـەتاو بخەنـە لای ڕاسـتمو مانگیش بخەنە لای چەپم . واتە ئەوەندەم دەسـەڵات بدەنیّ . بە مەرجی وازهیّنان لەم (ئایین) کارە، وازناهیّنمو سورم لە سەری هەتا یان خوا سەرم دەخات ، یان لەپیّناویدا لەناو دەچم.

بەڵیّ لەم کاتی تەنگانەو ئەشکەنجەدا ئەمە وەڵامی ئەو بوو بۆ وەرگرتنی سامانو دەسەڵات.

دیاریشە کـە موحەممـەد لـە پـێش بانگەوازەکەیـدا دەوڵەمەنـد بووە بە هۆی سامانی ژنە دەوڵەمەندە دڵسـۆزەکەی (خەدیجە)وە، بـەڵام هـەمووی لـە ڕێگـای ئیسـلامدا بـەختکردو لـە ئەنجامیشـدا پـاش تەمـەنێکی زۆری پـڕ لـە تێکۆشـان و خـەباتو ئەشـکەنجەو

هـەزاران جـۆرە ئـازار، بـە هـەژاری سـەری نایـەوەو تەنانـەت چـەند جار لە سەر هەژاری ئازاوە دەکەوتە نێو خێزانەکانییەوە[٣].

بەو جۆرە بۆمان دەرکەوت موحەممەد مەبەستی کۆکردنـەوەی سامانو دەسەلآت نەبوو، زۆریش پوونە کە موحەممەد مەبەستی خۆهەڵکێشانو ناو ناوبانگ نـەبووە، نموونـە زۆرە لـەم بارەیـەوە، بـەڵام تاقـە نموونەیـەکیش لـەم بارەیـەوە ئەهێنمـەوەو کـوردیش ئەڵێ: مشتێك نموونەی خەروارێکە.

کاتێ کـە ئیبراهیمـی کـوڕی مـردو بردیـان بـۆ گۆڕستان . تـەنها ئـەو کوڕەشـی هـەبوو . لـە کـاتی شـاردنەوەیدا، هـەتاو گـیرا، لەمکاتـەدا لـە نـاو موسـڵمانە سـادەکاندا بـوو بـە قـاو کـە هـەتاو هاوبەشـی پێغەمبـەری ﷺکـردوە لـە ماتـەمی کوڕەکەیـداو لەبـەر دڵی ئەم هەتاو گیراوە.

خـــۆ ئەگـــەر موحەممـــەد مەبەســـتی خۆهەڵکێشـــان و خودپەسـەندی بوایـە ئـەم هەلـە چـاکترین شـتە هـەتا بیکـات بـە پڕوپاگەنـدە بـۆ خـۆی، بـەڵام موحەممـەد چـووە سـەر دوانگـە (منـبر)ی مزگـەوتو فـەرموی: (هـەتاو و مـانگ دوو نیشـانەی دەستکردنی خوان بۆ مردنو ژیانی کەس ناگیرێن)[٤].

---

[٣] بڕوانە پەڕاوی (ژیانی پێغەمبەری مەزن)، مامۆستا پاپەزانی، ل٤٥٨ .

[٤] هەمان سەرچاوەی پێشوو. ل٤٨٠ .

بـەم پڕۆشـنکردنەوە سـەرپێیە بۆمـان دەرکـەوت کـە موحەممـەد مەبەسـتی هـیچ شـتێك نـەبووە تـەنیا خواپەرسـتی نـەبێ و پزگارکردنی مرۆڤایەتی لە ئەفسانەو جادوگـەری بـێ سڵکردنەوە لە ئەشکەنجەو مردن.

جیاوازی حەدیث و قورئان :[٥]

ئەگـەر بـە چـاوێکی پۆشـنبیریو ئەدیبییـەوە سـەیری ئایەتـەکانی قورئـان بکـەین لـە لایەکـەوە، سـەیرێکی تـری فەرمودەکانی موحەممەد بکەین لە لایەکی تردوە، زۆر بە ئاشکرا جیاوازییان دەرئەکەوێت، چونکە لەگەڵ ئەوەدا کە فەرمودەکانی موحەممـەد زۆر قـوڵو پڕمانـاو لـە داڕشـتنێکی زۆر بـە پێـزدا ئەبینرێن، بەڵام بە هـیچ جۆرێك ناگەنە پلەو پایەی قورئان چ لە ڕوی ڕەوانبێژیو چ لە ڕوی مانا فراوانیو چ لە هـەموو ڕوبـەکی تـری زانیـاریو ئەدەبییـەوە، هـەموو ئـەدەب دۆسـتێك دەزانـێ کـە یـەك ئـەدیب ناتوانێـت دوو جـۆرە نوسـراوی هـەبێتو هـەر نوسراوەی خاوەنی سروشتێکی تایبـەتی بێتو جیا جیابن لـە یەکتری.

بەتایبەتی نوسراوێك کە لە ماوەی (٢٣) ساڵدا تەواو بوبێتو بە پێی کاتو شوێنو پێویست دانرابێت وەکو قورئان.

سەرەڕای ئەمانە، لە پشت وتارەکانی موحەممـەدەوە هەست دەکـرێ بـە کەسـایەتی (شخصـیە)یکی ئـادەمی کـە زۆرجـار زەبونیو بێ چارەیی ڕوی تـێ بکات، بـەڵام لـە پشت ئایەتـەکانی قورئانەوە کەسایەتییەکی بـەهێزو بەدەسـەڵاتو بێبـاکو ئاگـادارو

---

[٥] مەبەستمان لە (حدیث) فەرمودەکانی موحەممەدە .

دادپـەروەر دەردەکـەوێت کـە بـە هـیچ شـێوەیەك لاوازی بـە خاوەنەکەیـەوە دیـار نییـە، تەنانـەت لـەو شوێنانەشـدا کـە جێـی دڵنەرمییـە، لەمـەوە دەردەکـەوێت کـە قورئـان ئەگـەر فـەرمودەی موحەممەد بوایە لەگـەڵ فـەرمودەکانی خۆیـدا جیـاوازی نـەدەبوو، چـونکە هـەموو نوسـەرێك یـەك شـێوەو ڕێبـازو ئاهـەنگی هەیـە لـە نوسیندا، هـیچ کـەس ناتوانێـت بـە دوو شـێوە بنوسـێ بـەم جۆرە لەیەك نەچن، کە ئەمـە گـەورەترین بەڵگەیـە لەسـەر ئـەوەی قورئـان سروش (وەحی)ی خوایە نەك فەرمودەی ئادەمی[٦].

[٦] تەفسیری خاڵ، جزمی یەك، ل٧٠.

ڕەخنەگرتنی قورئان لە موحەممەد :

هـیچ نوسـەرێك نییـە کـە هەڵوێسـتە لارەکـانی خـۆی نەپۆشـێ و هەوڵی تاشینی بەڵگە نەدات بۆ ڕاستکردنەوەی لارییەکەی، ئایا هـیچ کەسـێك هەیـە بـەم توندوتیژییـەی . وەك لەمـەودوا باسـی دەکـەین . ڕەخنـە لـە خـۆی بگرێـت و دوایـی بیکـات بـە قورئـان و فـەرمان بـدات بـە شـوێنکەوتوەکانی بـە وردی لـە ڕۆژانـەیان بیخوێننەوە؟؟

بۆ نموونە، ڕۆژێك موحەممەد خەریکی باسکردنی ئیسلام بوو بۆ کەڵەپیاوانی قوڕەیش وەك لەبیدی کوڕی موغیرەو ئەبوجەهل و گەورەکانی تر، ئا لەمکاتـەدا پیـاوێکی کـوێری موسـڵمان بـەناوی عەبدوڵڵای کوڕی ئوم مەکتوم هات بۆ لای موحەممەدو نەیدەزانی موحەممەد خەریکی چییە، وتی: موحەممەد لەو شتەی خوا بۆی ناردویت فێرم بکە، موحەممەد وەڵامی نەدایـەوە، بـۆ جارێکی تـر دوبـارەی کـردەوە، دیسـان موحەممـەد هـەر وەڵامـی نەدایـەوە بـۆ جاری سێهەم داخوازییەکەی سێ بارە کـردەوە، بـەڵام موحەممـەد زۆر پەسـت بـوو ناوچـاوی گـرژ کـردو ڕوی وەرچـەرخاند بـە لای دەوڵەمەنـدەکان و سـەرۆکەکانی قوڕەیشـدا و وەڵامـی ئـەو کـوێرە هەژارەی نەدایەوە.

خۆ ئەگەر ڕاست بێت موحەممەد ﷺ نێررراوی خوا بێتو ئەو قورئانـەی لای خـواوە بـۆ بێـت چـۆن ئـەبێ ئـەم هەڵوێسـتەی بەسەرەوە بچێت ؟

چونکە لای خوا ئەو کوێرە هەژارە پەسەندترە لەو دەوڵەمەندە سەرکەشانە، بۆیە قورئان زۆر بە تووندی ڕەخنەی لە موحەممەد گـرتو فـەرمووی: (عَبَسَ وَتَوَلَّىٰٓ ﴿١﴾ أَن جَآءَهُ ٱلۡأَعۡمَىٰ ﴿٢﴾ وَمَا يُدۡرِيكَ لَعَلَّهُۥ يَزَّكَّىٰٓ ﴿٣﴾) سورة عبس

واتـە: موحەممـەد ڕوی گـرژ کـردو ڕوی وەرچـەرخاند لەبەرئـەوەی کـوێرێکی هـەژار هـات بـۆ لای، بـەڵام موحەممـەد تـۆ چـوزانی لەوانەیە ئەم کوێرە هاتبێت بۆ ئەوە خۆی لە ژەنگی دنیاپەرستی پاك بکاتەوە بۆ خواپەرستی.

سەیری ئەم ڕەخنە گەورەیە بکەن، چۆن مرۆڤێك خۆی وا ئەڵێ بـە خـۆیو دوایـی ئـەیکات بـە قورئانێـك بـۆ خوێندنـەوەی هـەتا هـەتایی، ئەمـە تاقـە ڕەخنەیـەك نییـە کـە قورئـان گرتبێتـی لـە موحەممەد، ئەگەر سەیری قورئان بکەین بە دەیان ڕەخنـەی لەمـە تونـدتر هەیـە کـە قورئـان لـە پـێش چـاوی شـوێنکەوتوەکانی موحەممەد کە موحەممەدی پێ شکاندوەو ڕەخنـەی لـێ گرتـووەو نـاڕەزایی خـۆی دەربڕیـوە بەرامبـەر بـەو کـارەی کـە موحەممـەد کردوویەتی.

نموونەیەکی تر، جووەکان وتیان بە قوڕەیشییەکان لە بارەی سێ شتەوە پرسیار لە موحەممەد بکەن، ئەگەر توانی وەڵامان بداتەوە ئەوە ڕاست ئەکات پێغەمبەرە، خۆ ئەگەر نەیتوانی ئەوە هیچ ، سێ شتەکەیش:

یەکەم: نهێنی ئەو گیان (روح)ەی زیندەوەران پێی ئەژین ؟

دووهەم: هاوڕێکانی ناو ئەشکەوتەکە (أصحاب الكهف) کێ بون ؟

سێهەم: (ذوالقرنين) کێ بووە ؟

پاش هاتنی قوڕەیشییەکان بۆ لای موحەممەدو کردنی پرسیارەکانیان، موحەممەد سەربەخۆ فەرمووی: بەیانی وەرنەوە وەڵامتان دەدەمەوە، بەتەمای ئەوەبوو کە خوا وەڵامی پرسیارەکانی فێربکات، بەڵام موحەممەد چۆن ئەتوانێ ماوە بۆ خوا دابنێتو خوا قورئانی بۆ بنێرێ، ئاشکرایە کە موحەممەد ناتوانێ ماوە لەسەر خوا دیاری بکات، بۆیە خوا دەروی سروشی لێ داخستو تا ماوەی (١٥) ڕۆژ هەموو ڕۆژێك قوڕەیشییەکان ئەهاتن بۆ وەڵامی پرسیارەکانو موحەممەد هیچی نەدەزانیو هەموو ڕۆژێك هەر دەیگوت بەیانی وەرنەوە، هەتا دەمی بێ ئابڕویی قوڕەیشییەکان بەرەڵلا بوو دەستیان کرد بە گاڵتەکردن بە موحەممەد، لە پاش گاڵتەو لاقرتییەکی زۆری قوڕەیشو جووەکان بەرامبەر بە موحەممەد و پاش (١٥) ڕۆژ وەڵامی

پرسیارەکانی بۆ هات، بەڵام چ هاتنێك لەگەڵ ڕەخنەو سەرزەنشتدا، قورئان دەفەرموێ: (وَلَا تَقُولَنَّ لِشَاْیْءٍ إِنِّی فَاعِلٌ ذَٰلِكَ غَدًا ﴿٢٣﴾ إِلَّآ أَن یَشَآءَ ٱللَّهُ وَٱذْكُر رَّبَّكَ إِذَا نَسِیتَ) (الكهف: ٢٣. ٢٤)

واتە: بۆ هیچ شتێك مەڵێ بەیانی ئەیکەم و پەیمان مەدە، چونکە تۆ ناتوانی کات لە سەر خوا دیاری بکەیت، هەتا خوا ئارەزوی لێ نەبێت، کەواتە بۆ هەموو شتێك بڵێ . ئەگەر خوا ئارەزوی هەبوو، خوا لە یاد خۆت مەبەرەوە، هەر کاتێك لە یادت چوو یادی بکەرەوە.

زۆر ئاشکرایە ئەگەر موحەممەد خۆی قورئانی دابنایە بەو شێوەیە خۆی نەدەکردە گاڵتەچی بێ ئابڕوەکانی قوڕەیش و جووەکان و پەیمانەکەی خۆی لە کاتی خۆیدا بەجێ دەهێنا.

لە دەیان هەڵوێستی تردا قورئان ڕەخنەی لە موحەممەد گرتووە، وەك (یَٰٓأَیُّهَا ٱلنَّبِیُّ لِمَ تُحَرِّمُ مَآ أَحَلَّ ٱللَّهُ لَكَ تَبْتَغِی مَرْضَاتَ أَزْوَٰجِكَ) (التحريم: ١).

لەسەر ئازادکردنی هەندێك لە دیلەکانی (بەدر) بە پارە دەفەرموێ: (مَا كَانَ لِنَبِیٍّ أَن یَكُونَ لَهُۥٓ أَسْرَىٰ حَتَّىٰ یُثْخِنَ فِی ٱلْأَرْضِ تُرِیدُونَ عَرَضَ ٱلدُّنْیَا وَٱللَّهُ یُرِیدُ ٱلْءَاخِرَةَ) (الأنفال: ٦٧)

یان بە موحەممەد دەفەرموێ:

(وَتَخْشَى ٱلنَّاسَ وَٱللَّهُ أَحَقُّ أَن تَخْشَىٰهُ) (الأحزاب: ٣٧)

یان ئەو ئایەتەی کە دەفەرموێ: ﴿قُلْ مَا كُنتُ بِدْعًا مِّنَ الرُّسُلِ وَمَا أَدْرِي مَا يُفْعَلُ بِي وَلَا بِكُمْ﴾ (الأحقاف: ٩)

واتە: موحەممەد بڵێ بە هاوڕێکانت من یەکەم پێغەمبەر نیم، بەڵکو منیش هەر یەکێکم وەك موساو عیساو... هتد، نازانم چیمان لێ ئەکرێتو چیمان بەسەردا دێت، چ خۆمو چ ئێوە.

کاتێك ئەم ئایەتە هاتەخوارەوە بۆ موحەممەد قوڕەیشو جووەکان کەوتنە گاڵتەو لاقرتی بە موحەممەد و هاوەڵەکانی و دەیانگوت چۆن مرۆڤ ئەکەوێتە شوێن یەکێك کە نەزانێ چی بەسەردا دێت؟ کەسێك پاشەڕۆژی خۆی و شوێنکەوتوەکانی نەزانێت کەی بۆ ئەوە ئەشێت مرۆڤ خۆی بدات بە دەستییەوەو شوێنی بکەوێت ؟

بتپەرستو جووەکان دەمی بێ نرخی و کورتبینییان بەرەڵاّ بوو کەوتنە گاڵتە کردن پێیان، ئا بەم جۆرە بۆمان دەرکەوت کە قورئان زۆر باڵادەست تر لە موحەممەد، ئەگینا ئەم ڕەخنە گەورانەی لە خۆی نەدەگرتو هەتا هەتایشە بمێنێت، دیسان قورئان بۆ چارەسەرکردنی گیروگرفتەکانی باوەڕ ئەهاتە خوارەوە، هیچ هاوبەشییەکی موحەممەدی نەئەکرد لە خۆشی و ناخۆشیدا، لەیەك ساڵدا ژنە دڵسۆزە خۆشەویستەکەی (خەدیجە)و مامە پشتیوانەکەی (ئەبوتالیب) مردنو موحەممەد

ئـەو سـاڵەی ناونـا بـە سـاڵی (ماتـەمی)، کەچـی قورئـان بـەهیچ جۆرێـك باسـی نـەکردو هاوبەشـی موحەممـەدی لـەو ماتەمییـەدا نەکرد.

هەواڵدان بە پاشەڕۆژ :

هیچ کەس ناتوانێت لە خۆیەوە هەواڵی پاشەڕۆژێکی نزیک یـان دوور بـدات، بەتایبـەتی بـۆ پێشـەواو سـەرۆکێکی وەک موحەممـەد، چـونکە هەواڵـدان لـە خـۆوە هـۆی شـکان و بەدرۆکەوتنەوەیـە، بـەڵام قورئـان چـەند هـەواڵێکی پاشـەڕۆژی داوەو لـە پاشـان وەک ڕۆژی ڕونـاک لـە دەمـی کـەڵی ڕاسـتییدا هـەڵهاتووەو یـەک لـە دوای یـەک هاتونەتـەی دی، وا چـەند نمونەیەکی کەم لەو ڕوداوە زۆرانە دەخەینە پێش چاو:

١. کـاتێ موحەممـەد لـە مەککـە بـوو، فـارس و ڕۆمـەکان بـوو بـە شـەڕیان، لەبەرئـەوەی ڕۆمـەکان خواپەرسـت بـون و فارسـەکان ئاگرپەرست، موحەممـەد نـزای سـەرکەوتنی بۆ ڕۆمـەکان دەکـرد، کەچـی فارسـەکان سـەرکەوتن، لـەو کاتـەدا بتپەرستەکانی مەککـە زۆر شادمان بون و موسڵمانەکان ماتەمینی دایگرتن، بەڵام قورئان هەواڵی دا بە موسڵمانەکان کە لە ماوەیەکی کەمدا شەڕ لـە نێـوان فـارس و ڕۆمەکانـدا سـەرهەڵدەداتەوەو ئـەمجارەیان خـوا ڕۆم سەردەخات بەسەر فارسدا، وەک ئەفەرموێ: ﴿غُلِبَتِ ٱلرُّومُ ۝٢ فِيٓ أَدۡنَى ٱلۡأَرۡضِ وَهُم مِّنۢ بَعۡدِ غَلَبِهِمۡ سَيَغۡلِبُونَ ۝٣﴾ ، سورة الروم

واتە: سـەرکەوتن بەسـەر ڕۆمـدا لـە زەوییـەکی نزمـی لای ئێـوەوە، بەڵام لە دوای ئەم تێکشانە، ڕۆم سەردەکەونەوە لـە ماوەی چـەند

سـاڵێکی کەمـدا، (بضـع) لـە زمـانی عەرەبیـدا بەکارئـەهێنرێت بـۆ ژمـارە لـە (٣-٩) کەچـی لـە پـاش (٧) سـاڵ شـەڕ هەڵگیرسـاو پڕۆم سەرکەوت بەسەر فارسدا، واتـە پـێش تـەواوبونی ماوەکـە بـە دوو سـاڵ پەیمانەکـەی قورئـان دەرکـەوت، ئایـا بـە دی هـاتنی ئـەم پەیمانە ناو دەنێن چی؟

٢. لـە جـەنگی (بـەدر)دا پـێش دەسـتکردن بـە جـەنگ کاتێـک موحەممەد سەیری کەمی لەشکرەکەی خۆی کردو سـەیری زۆری لەشکری بتپەرستەکانی کرد زۆر دڵتەنگ بوو، بۆیـە دەسـتی کـرد بە نزاو پاڕانەوەی سەرکەوتن لـە خـوا، پـاش ماوەیـەک نـزا کـردن، قورئان فەرمووی: (سَيُهْزَمُ ٱلْجَمْعُ وَيُوَلُّونَ ٱلدُّبُرَ ﴿٤٥﴾) سورة القمر واتە ئەم کۆمەڵەی تۆ لێی دەترسیت ئەشکێنو پشتاو پشت بـە شکاوی دەگەڕێنـەوەو ڕادەکـەن، پـێش دەسـتکردن بـە جـەنگ ئـەم هەواڵەیدا بە لەشکرەکەی، کەچی ئـەوەبوو بتپەرستەکان شکانو موحەممەدو هاوەڵەکانی سەرکەوتن.

٣. موحەممەد و هاوەڵەکانی بە نیازی (حەج) کردن لـە مەدینـەوە دەرچون بـۆ (مەککـە)، ئـەو کـات هێشتا مەککـە لـە ژێـر چـەپۆکی بتپەرستەکاندا بـوو، بـەڵام قوڕەیشـییەکان نەیانهێشـت بـڕۆن بـۆ حـەج، لـە ئەنجامـدا کەوتنـە وتوویـژ، ئـەوەبوو (پـەیمانی حودەیبیـە)ی بـەناوبانگیان مـۆرکردو گەڕانـەوە بـۆ مەدینـە،

موسڵمانەکان گەلێك دڵتەنگ بون بەو نەچوونەیان بۆ مەککە، لێرەدا چاکترین مەڵهەمێك کە موسڵمانەکان ئەو برینەی پێ ساڕێژ بکەن ئەو پەیمانە بوو کە خوا بەخەوپیشانی موحەممەدی داو، قورئانیش ئەو پەیمانەی چەسپاند کە بەبێ شەڕو بەوپەڕی سەربەرزییەوە ئەڕۆن‌و مەککە لە ژەنگی بتپەرستی پاك ئەکەنەوە، وەك دەفەرموێ: ﴿لَّقَدْ صَدَقَ ٱللَّهُ رَسُولَهُ ٱلرُّءْيَا بِٱلْحَقِّ لَتَدْخُلُنَّ ٱلْمَسْجِدَ ٱلْحَرَامَ إِن شَآءَ ٱللَّهُ ءَامِنِينَ مُحَلِّقِينَ رُءُوسَكُمْ وَمُقَصِّرِينَ لَا تَخَافُونَ فَعَلِمَ مَا لَمْ تَعْلَمُوا۟ فَجَعَلَ مِن دُونِ ذَٰلِكَ فَتْحًا قَرِيبًا ﴿٢٧﴾﴾ ، سورة الفتح واتە: ئەو خەوەی کە خوا پیشانی پێغەمبەرەکەی داوە ڕاستەو ئەڕۆنە مەککە (مسجد الحرام) بە مەیلی خوا و بەبێوەیی‌و دڵنیایی‌و لەوێ سەرتان ئەتاشن یان کورتی ئەکەنەوەو هیچ ترس نایەتە ڕێتان.

کەچی پاش دوو ساڵ بەبێ جەنگ‌و هەرا، بەبێ ترس‌و بیم بەسەربەرزییەوە بۆ دواجار مەککە کەوتە دەستی ئیسلام‌و مژدەکە هاتە دی.

بەدەیان نمونەی تر بەم شێوەیە کە قورئان هەواڵ‌و مژدەی داوە بە موحەممەد و هاوەڵەکانی‌و پاش ماوەیەکی کەم یان درەنگ هاتۆتە دی، وەك: ﴿سَنَسِمُهُۥ عَلَى ٱلْخُرْطُومِ ﴿١٦﴾﴾ سورة القلم

بۆ ئەنجامی ژیانی (وەلیدی کوڕی موغیرە) و (وَإِذْ يَعِدُكُمُ ٱللَّهُ إِحْدَى ٱلطَّآئِفَتَيْنِ) (الأنفال: ٧) بۆ ئەنجامی جەنگی بەدرو (وَٱللَّهُ يَعْصِمُكَ مِنَ ٱلنَّاسِ) (المائدة: ٦٧)، بۆ لابردنی پاسەوانو...

(وَٱلْخَيْلَ وَٱلْبِغَالَ وَٱلْحَمِيرَ لِتَرْكَبُوهَا وَزِينَةً وَيَخْلُقُ مَا لَا تَعْلَمُونَ ﴿٨﴾)

(سورة النحل) بۆ داهاتنی فڕۆکەو ئۆتۆمبیلو... هتد.

ئیعجازی قورئان :

ئیعجاز: لە مانای ئەم وشەیەدا مامۆستا شێخ موحەممەدی خاڵ لە تەفسیرەکەیدا دەفەرموێ: واتە دەستەوسان و داماوی بونی کەسێك لە کارێکدا وەك بەیەکێك بڵێیت (شاخی گوێژە)م بە کۆڵ بۆ هەڵبگرە، دیارە کەس ناتوانێ هەڵیبگرێ و هەموو کەس لە هەڵگرتنیدا دەستەوسانە.

قورئان لە هەموو ڕوویەکەوە دەستەوسانییە، کەس ناتوانێ بە نیازی لاساییکردنەوەوە خۆی لە قەرەی بدات، بەکورتی ڕوەکانی ئیعجازی قورئان دەکرێت بە سێ بەشەوە:

١. ئیعجازی ڕەوانبێژی (بلاغی):

هەرکەسێك کەمێك شارەزایی لە ڕەوانبێژی زمانی عەرەبیدا هەبێت تامی ئەو ڕەوانبێژییەی قورئان دەکات، پایەی بەرزی قورئان و دەستەوسانی هەموو زاناکانی زمانەوانی لەم ڕووەوە بۆ دەردەکەوێت.

٢. ئیعجازی یاسادانان و فەرمان ڕەوایی (التشریع والحکم):

ئەو یاساو فەرمان ڕەواییەی لە قورئاندا هەیە بالادەستترینی هەموو یاساکانە، ئەگەر هەزاران ساڵی تری بەسەردا تێ بپەڕێ هەروەك لەو ڕۆژەدا دانرابێت و (تشریع) کرابێت وایە و بۆ هەموو گەل و نەتەوەو مرۆڤێك لە هەموو چەرخێکدا دەست دەدات،

ئەمـەش لـە توانـای هـیچ مرۆڤێکـدا نییـە بتوانـێ یاسـایەکی هەتاهـەتایی دابنێـت، چـونکە دەبیـنین هـەر ماوەیـەك یاسـایەك دادەنرێـت و ماوەیـەکی تـر چاکسـازی تێـدا دەکرێـت و هەموارەدەکرێتـەوە یـان بـە دانـانی یاسـایەکی تـر جێگـای دەگیرێتـەوەو هیچیشـیان داخوازییـەکانی کۆمـەڵ نـادەن بـە دەستەوە.....هتد.

لەبەر کەمی ماوە ناتوانم لەمە زیاتر لەم دوو پووەی ئیعجاز بـدوێم، بـەڵام بەسـەر پێییەکـەوە هەندێکی کـەم باسـی ئیعجـازی سێهەم دەکەم.

٣. ئیعجازی زانستی (علمی):

هیچ زانستێك نییە لەو زانستانەی کە ئەمڕۆی سـەدەی بیست بـەرەو بیسـتو یـەك لـە زانکـۆو قوتابخانـەکانی جیهانـدا ئەخوێنرێن، قورئـان پەنجـەی بـۆ ڕانەکێشابێو باسـی نـەکردبێ، پتر لە (٧٥٠) ئایەتی تیایـە کـە باسـی بونـەوەرو گـەردون ناسـیو زانیاری دەرونو مێژوو... هتد دەکات

بـۆ نموونـە چـەند ئایـەتێکی زانسـتی دەخەینـە پـێش چـاو هـەتا بـزانین ئایـا ڕاستـە کـە مرۆڤێکـی پـێش هـەزارو چوارسـەد سـاڵ لەمەوبەر دەتوانێت کتێبێکی وەك ئەم قورئانە بنوسێت، با یەکـەم زانـای سـەدەی خۆیشـی بووبێـت، چ جـای موحەممـەدێکی

نەخوێندەوارو ژیاوی نیوە دورگەی عەرەبی و چەرخی نەفامێتی (عصر الجاهلية).

١. زۆرمان خوێندومانەتەوەو ئەزانین کە منداڵ لە سکی دایکیدا بەسێ پەردەی پڕوکڕ داپۆشراوەو بە هیچ جۆرێك نە ئاو نە تیشك و نە گەرما ناگات بەو کۆرپەیەو بەزمانی زانستی ئێستا بەو سێ پەردەیە ئەڵێن: (مەنباری، ئەمێونی، خوربۆنی)، بە زمانی عەرەبیش بە سێ پەردەی تاریك لە قەڵەم دەدرێت، ئایا موحەممەد لە کام زانکۆی پزیشکی زانستی کۆرپەلەناسی خوێندی تا ئەوەی بڵێ: (يَخْلُقُكُمْ فِي بُطُونِ أُمَّهَاتِكُمْ خَلْقًا مِنْ بَعْدِ خَلْقٍ فِي ظُلُمَاتٍ ثَلَاثٍ) (الزمر: ٦)

واتە: ئەو خوایە دروستتان ئەکات لە سکی . منالدان . ی دایکتاندا بە گۆڕینی شێوەی دروستکردن لە شێوەیەکەوە بۆ شێوەیەکی تر لە دواییدا لە سێ پەردەی تاریك‌و نووتەکدا.

٢. پێش هەڵدانی (ئۆپۆللۆی ١١) بەرەو مانگ پرسیارێك لە گۆڤاری (منبر الاسلام) لە (قاهیرە)دا کرا کە ئایا هەڵوێستی ئیسلام بەرامبەر بەم ڕۆشتنە بۆ سەر مانگ چییەو ئایا دەگەن یان ناگەن ؟

ئەویش لە ژمارەی مانگی نیسانی (١٩٦٩)دا وەڵامی پرسیارەکەی دایەوە . واتە پێش سێ مانگ چونە ناو مانگ ئەم

ڕونی کردەوە، چونکە گەشتەکە ڕۆژی ١٩٦٩/٧/١٦ دەستیپێکرد . وەلامەکەی بە پێنووسی (د. موحەممەد شوقی فنجری) بوو، من بە کورتی و بە دەستکارییەوە هەندێکی ئەخەمە ڕوو بۆ بەڵگەی بەرزی و پایە بڵندی قورئانەکەمان و نەک گونجانی، بەڵکو بالادەستیشی بەسەر چەرخی ئەتۆم و گەشتەکانی گەردوندا..

(... پرسیارتان کردبوو لە هەڵوێستی ئیسلام بەرامبەر بە گەشتەکانی ئاسمان، پێش هەزارو چوارسەد ساڵ قورئانەکەی ئێمە مژدەی داوە بە ئادەمیزاد کە هەر کاتێک توانی دەسەلات پەیدا بکات دەتوانێ گەشتەکانی ئاسمان دەست پێ بکات نەک تەنیا بۆ سەر مانگ، بەڵکو بۆ دورتریش لە مانگ دەتوانێت بڕوات بە پێی دەقی ئایەتی: ﴿يَٰمَعۡشَرَ ٱلۡجِنِّ وَٱلۡإِنسِ إِنِ ٱسۡتَطَعۡتُمۡ أَن تَنفُذُواْ مِنۡ أَقۡطَارِ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِ فَٱنفُذُواْۚ لَا تَنفُذُونَ إِلَّا بِسُلۡطَٰنٖ ٣٣﴾ ، الرحمن واتە: ئەی کۆمەڵی پەری و ئادەمیزادان هەرکاتێک توانیتان بگەنە پلەیەک بڕۆن بەرەو هەرێمەکانی ئاسمان و زەوی ،.... بڕۆن، بەڵام ناتوانن بڕۆن بەهێز نەبێت .

زانستی ئێستا ئەو هێزەیەو لەوانەیە بتوانن بڕۆن، خۆئەگەر نەڕۆیشتن و نەگەیشتن ئەوە ڕادەی هێزەکەیان تەواو نییە.

واتاکەی قورئان بە کرداری فەرمان (فعل أمر)ە (فانفذوا) بڕۆن، ئەم (بڕۆن)ە مژدەی پشکنینی ئەستێرەکانە.

توخوا ئێوەو ویژدانتان هیچ کەسێك نەك بەر لە (١٤٠٠) ساڵ پـێش ئێستا، بـەڵکو بـەر لـە (٥٠) سـاڵ پـێش ئێستا دەیتـوانی قسەی وا بکات، هەتا موحەممەدی نەخوێندەوارو ژیاوی سەدەی پێنجەمی زاینی بتوانێ بیکات ؟!!

٣. لە زانستی فەلسەفەدا، قورئان قوڵترین چاڵ هەڵئەکەنێ بۆ ئەو بەناو زانایانەی کە باوەڕیان بە بونی خوا نییەو دەفەرموێت:

(أَمْ خُلِقُوا۟ مِنْ غَيْرِ شَىْءٍ أَمْ هُمُ ٱلْخَٰلِقُونَ ﴿٣٥﴾) ، سورة الطور

واتـە: ئایـا ئـەوان لـە هـیچ دروسـتکراون؟ یـان خۆیـان دروستکەری خۆیانن ؟؟!!

بەشێوەیەکی سادەو ئاسایی مێشکی ئەو هەموو فەیلەسوف و زانایانەی جیهانی شڵەقاندوە، هەر لە کۆنترین فەیلەسوفەوە هەتا ژیانیش بڕوات وەڵامی ئەم پرسیارەی قورئانیان پـێ نادرێتـەوە، تـەنیا خۆبەدەسـتەوەدان نـەبێت، کـە بڵـێن: نـەخێر ئـەی خـوای بەهێزو بە توانا هەر تۆ خوای، هەر تۆ دروستت کردوین.

٤. هـەموو شـتێك لـەم بونـەوەرە پـان و پـۆڕەدا لـە ئـەتۆم (ذرة) پێکهاتووە، تەنانەت ئەو هەوایـەی کـە هـەڵی ئەمـژین، ئـەو ئاوەی دەیخۆیتـەوە، هـەموو شـت، ئـەتۆم زۆر زۆر بچـووکە، ئەگـەر سـەد

ملیۆن ئەتۆم لەسەر هێڵێکی ڕاست دابنێین دریژییەکەی ناگاتە (٢.٥)سم[٧].

هەتا سەدەی نۆزدەیەم زانایان وایان دەزانی کە (ذرة) بچوکترین شتەو لەت ناکرێت، ئەمە لە لایەکەوە، لە لایەکی ترەوە خۆ ئەوەتە قورئانەکەی موحەممەد بەرلە (١٤٠٠) ساڵ پێش ئێستا دەفەرمووێت: (وَمَا يَعْزُبُ عَن رَّبِّكَ مِن مِّثْقَالِ ذَرَّةٍ فِي ٱلْأَرْضِ وَلَا فِي ٱلسَّمَآءِ وَلَآ أَصْغَرَ مِن ذَٰلِكَ وَلَآ أَكْبَرَ إِلَّا فِي كِتَٰبٍ مُّبِينٍ ﴿٦١﴾) ، سورة يونس

واتە: لە خوا ون نابێ نەهاوسەنگی هەرە وردی ئەتۆمێکو نە بچوکتر لەوەو نەلەویش گەورەتر.. ئەی ئەگەر ئەتۆم لەت نەکرێت چۆن قورئان ئەڵێ لەویش بچووکتر ؟؟!

بەڵێ بەو جۆرە مانای ئەم وشەیە وەکو نیشانەی پرسیار مابوویەوە هەتا ساڵی (١٨٩٧)ی زاینی لەو ساڵەدا زانای ئینگلیزی (سێرتۆسۆن) توانی ئەتۆم لەت بکاتو بۆی دەرکەوت کە لە سێ شت پێکهاتووە (پرۆتۆن، نیوترۆن، ئەلیکترۆن)، کەچی سەیر دەکەیت قورئانەکەی ئێمە پێش سێزدە سەدە پەنجەی بۆ ڕاکێشاوە.

ئەگەر بڵێین ئەم ئایەتانە زانایەکی زۆر بلیمەتی (١٤٠٠) ساڵ لەمەوبەر داینـاوە، هیچ کەس بڕوامان پێ ناکات چ جای

---

[٧] الذرات، د. انور عبدالواحد، ص٢.

نەخوێندەوارێکی وەك موحەممەد، کە بە هەتیوی و بە شوانی لە چـۆڵایی ئـەو دەشـتە لماوییـەی عەرەبسـتانو دوور لـە هـەموو شوێنەوارێکی شارستانێتی پێشکەوتوو دانابێت.

ئێمە لە پێش دەستەوسانێکداین کە هیچ کەس ناتوانێ بڵێ گەورەترین زانای جیهان داینـاوە چ جای ئـەو موحەممـەدە، هـیچ کەس ناتوانێ سەرپێچی لەو ڕاستییە بکات کـە قورئـان دانـراوی کەسـێکە بالاّدەسـت تـرە لـە موحەممـەد و هـەموو عـەرەب و ئادەمیزاد و بونەوەر.

قورئـان دانـراوی خوایـە و نێـرراوی خوایـە بـۆ هـەمومان و بـۆ هـەموو مرۆڤێکـی ژیـرو خێرخـواهێکی مرۆڤایـەتی، ئـەوەی کـە چاوی ئەم ڕاستییە نەبینێ ئەوە کوێرە و نابینایەو ویژدانی بووە بە بەردو لە وتەی ڕاست کەڵك وەرناگرێت، جا با ئـەو کەسـانەی دوو چـاوی زەق و دەمێکـی پـاراوی هـەبێت، هـەر بـە کـوێر ئەناسـرێن، چـونکە قورئانەکـەی خـوا دەفـەرموێت: (فَإِنَّهَا لَا تَعْمَى ٱلْأَبْصَٰرُ وَلَٰكِن تَعْمَى ٱلْقُلُوبُ ٱلَّتِى فِى ٱلصُّدُورِ ﴿٤٦﴾) ، سورة الحج

بەڕاسـتی کوێربـونی چـاوی سـەر نرخـی نییـە، بـەڵکو کوێربـونی چاوی دڵو ونبونی هەستی دەرونی ستەمە.

قورئان و ژیری ئەلیکترۆنی :

مامۆستا شێخ موحەممەدی خاڵ لە سەرەتای تەفسیرەکەیدا دەفەرموێت: خـوای مـەزن دوو گێتـی گـەورەو پـیرۆزی دانـاوە، یەکێکیان گۆیا (ناطق)و ئەویتریان بێ دەنگ، گۆیاکە (قورئانە)و بێ دەنگەکەیان (بونەوەر)ە.

کەواتـە چـۆن هـەتا زانسـت پـێش بکـەوێ و ئـامێری تـازە بدۆزرێتەوە وردەکاری ئەم بونەوەرە و جێگای دەسەلاتی خوا لەم بونەوەردا دەرئەکەوێت، ئاوەهاش هـەتا زانست پـێش بکـەوێت پلەو پایەی قورئان زیاتر دەرئەکەوێت.

جـاران کـە قورئانمـان دەخوێنـدو هـەر تـاوە نـەتاوێك لەسـەر سـورەتەکاندا (بسـم الله الـرحمن الـرحیم)مـان ئـەکرد، ئێمـە لـە کـورتی ژیریـی خۆمانـەوە دەمـانگوت ئـەم هـەموو (بسـم الله..)یـە چییە ؟ وامان دەزانی هـەر بۆ جوانی یـان بـەبێ سـوود دانـراون، کەچی وا لە کۆتایی سەدەی بیستەمدا ژیـری ئـەلیکترۆنی بۆمـان دەردەخات کە هەموو پیتێك و هەموو وشەیەك و هـەموو ڕستەیەك لـە قورئانـدا بـە پێـی تـەرازوی خوایـەتی کێشـراوەو لـە جێگـای ڕاست و دروستی خۆیدا دانراوە، قورئان خۆی دەفەرموێت:

(ٱللَّهُ ٱلَّذِىٓ أَنزَلَ ٱلْكِتَٰبَ بِٱلْحَقِّ وَٱلْمِيزَانَ) ، (الشورى: ١٧)

بەڵام کام تەرازوو؟ تەرازویەك بە موو هەڵە ناکات.

هـەروەها بـۆ پیتـە پچڕپچـڕەکانی سـەرەتای هەنـدێ سـورەت وەك: (الم، حـم، ص، ن، کهـیعص،... هتـد)، نـەك زاناکـانی ئێمـە، بەڵکو هـەموو زاناکانی هـەموو چـەرخەکانی ئیسلام هیچیان لـەم بارەیـەوە نـەزانیوە هـەتا ژیریـی ئـەلیکترۆنی سـەرەتایەکی لـەم بارەوە بۆ دەرخستین.

جـا لەبـەر ئـەوەی باسـەکە پێویسـتی بـە کـاتێکی زۆر هەیـەو لێرەشـدا ئـەو کاتـەمان نییـە، تـەنها وەك بـەرکوڵێك لـەو لـەزەتی باوەڕە خواردنە گیانییە کەمێك باس ئەکەین.

لاوێکی میسری بەناوی (رشاد خلیفە) کە بڕوانامەی دکتۆرای هەیە لە کیمیادا کاتێکی زۆرو داراییەکی زۆری لە پڕۆژانەی خـۆی گرتۆتەوە بۆ ئەم مەبەستە پیرۆزە.

دکتۆر ڕەشاد دەڵێت:

(بسم الله الرحمن الرحيم) پەیوەندییەکی بەتینی هەیە لەگەڵ هەموو سورەتەکانی قورئانی پیرۆزدا کە بریتین لە (١١٤) سورەت، بەڵکو (بسم الله) تەرازوییەکە بۆ کێشانی قورئانو پەرژینێکە بۆ هەموو دەستێکی چەپەڵ کە ویستبێتی یان بیەوێت دەستکاری قورئان بکاتو (بسم الله) بۆمان دەردەخات کە تا ئێستا یەک پیت لە قورئاندا نە زیادو نە کەم نەکراوە،

(بسم الله الرحمن الرحيم) پێکهاتووە لە (١٩) پیت، کە ئەم ژمارەیە خۆبەخشە واتە بەسەر خۆیو یەکدا نەبێت ئیتر بەش ناکرێت بەسەر هیچ ژمارەیەکی تردا، کە ئەمەیش بە پێچەوانەی (١٨)و (٢٠)وەیە کە دابەشن و هەریەکەیان بەسەر چەند ژمارەیەکدا دابەش دەکرێن، هەروەها لە قورئاندا (١١٤)

(بسم الله) هەیە، چونکە لە سورەتی (توبە)دا نییە، بەڵام لە سورەتی (نمل)دا دوو (بسم الله..) هەیە.

وشەی (اسم) لە قورئاندا (١٩) جار هاتووە، واتە بە ئەندازەی پیتەکانی (بسم الله الرحمن الرحيم) و وشەی (بسم) لە قورئاندا (٣) جار هاتووە، ئەگەر (اسم) بدەین لە (بسم)

واتە (١٩× ٣ = ٥٧)، ئەمەیش یەکسانە بە ژمارەی وشەی (الرحمن) لە قورئاندا.

هـەروەها (الـرحيم) سـەرەڕای ئـەو (الرحيم)انـەی لـە (بسـم الله..)کاندا هاتووە، (١١٤) جاری تر وشەی (الـرحيم) لـە قورئاندا هاتووە، واتە بە ئەندازەی سورەتەکانی قورئان.

وشەی (الله) لە قورئاندا (٢٦٩٨) جار هاتووە، کە بریتییە لە (١٩×١٤٢)، ئـەم ژمارەی (١٩)یە بووە بە تەرازوییەک کە هەرچی پیتی سورەتەکانی قورئان هەیە ئەبێ بەش بکرێت بەسەریدا، بەم شێوەیە بە هـیچ جۆرێک یەک تاقە پیت لـە قورئاندا دەستکاری نـەکراوە، چـونکە ئەگـەر دەسـتکاری بکرایـە یـان بگۆڕرایـە بـە پیتێکـی تر، یـان وشـەیەکی تـر، بـەو شێوەیە ئـەو وشـەو پیتانـە دابەش نەدەکران بەسەر (١٩)دا.

نموونـە بـۆ پیـت: ئەگـەر (صـلوة، زکـوة، حیـواة) بـە ئـیملای عـەرەبی سـادە واتـە بـە (صـلاة، زکـاة، حیـاة) بنوسـرایە ئـەوا ژمـارەی (ألـف) زیـادی ئـەکردو ژمـارەی (و) کـەمی ئـەکردو ئـەو سـورەتە لەگـەڵ تـرازوی قورئانـدا دەرنەئەچـوو، بەسـەر (١٩)شـدا دابەش نەدەکرا.

نموونە بۆ وشە: لە قورئاندا دوو سورەت هەیە کە پیتی (ق)ی تـاکی تێـدا بێـت ئـەوانیش سـورەتی (شـوری = حـم عسـق)و سورەتی (ق والقرآن المجید)ن، سورەتی (شوری) دوو ئەوەندەی سـورەتی (ق)ە، کەچـی پیتـی (ق) لـە سـورەتی (شـوری)دا (٥٧) جار هاتووەو لە سورەتی (ق)یشدا هـەر (٥٧) جار هـاتووە، واتـە

بـە ئەنـدازەی یـەکتر، دیسـان (٥٧+ ٥٧= ١١٤) ژمـارەی پیتـی قافەکانی هەردوو سورەتەکە بە ئەندازەی سورەتەکانی قورئانن، دیسـان بـۆ جـارێکی تـر بزانـە سـورەتی (ق) چـۆن دەسـت پـێ ئـەکاتو چـۆن کۆتـایی دێـت؟ سـەرەتا ئەفـەرموێ (ق والقـرآن المجيد) و دوا ئایەتی دەفەرموێت:

(فَذَكِّرْ بِٱلْقُرْءَانِ مَن يَخَافُ وَعِيدِ ﴿٤٥﴾) ، سورة ق

هەروەها بۆ کێشانی (ق)ەکان لەگەڵ (بسم الله...)دا ، (١٩× ٦= ١١٤)، دەبێ ئەوەش بزانین هەروەک چۆن تاقە پیتێک لە قورئانـدا نـەگۆڕاوە، ئاوەهـاش تاقـە وشـەیەکیش لـە قورئانـدا نەگوێزراوەتەوە و نەگۆڕاوە، بۆ نموونە: لە (١٢) شوێندا خوا لە قورئانـدا باسـی نەتـەوەی (لـوط پێغەمبـەر) دەکـات و لـە هـەموو شوێنەکاندا دەفەرموێت (قوم لوط) کەچی بە تـەنیا لـە سـورەتی (ق)دا دەفەرموێت: (إخوان لوط)، ژیریی ئەلیکترۆنی دەڵێت:

ئەگەر لێرەشدا وەک (١١) جارەکەی تر بیفەرموایایە (قوم لـوط) ژمـارەی (ق) لـەم سـورەتەدا ئـەبوو بـە (٥٨) قـاف هـەم ژمـارەی (ق)ەکان زیاتر ئەبوو لـە سـورەتی (شوری) هـەم دابـەش نـەدەبوو بەسەر (١٩)دا، لێرەدا داوای لێبوردنتان لێ دەکەم کە ناتوانم ئەو دەستەوسانەی کە ژیریی ئـەلیکترۆنی لـە سـورەتەکانی (الم، حـم، ص، کهـیعص، طسـم..) دەری هێنـاوە بـاس بکـەم، لـە خـوا

ئەپاڕێمەوە کە یارمەتیم بدات تا لە نامیلکەیەکدا کۆیان بکەمەوەو بیخەمە بەردەستت خوێندەوارانەوە، هەتا بتوانن دەستەوسانی هەموو مرۆڤێك و لە هەموو سەدەکانی ژیانی مرۆڤایەتیدا بەرامبەر بە قورئان دەربخەین.

کێ هەیە لە جیهاندا بڵێ، موحەممەد وتی: قورئانێك دەنوسم و بەرزترین ژمارەی پیتەکانی (ق) لە قورئاندا ئەخەمە سورەتی (ق)، یان بڵێ سورەتێك دەنوسم و ناوی دەنێم (البقرة)و بە (الم) دەستی پێ دەکەم و دەبێ ژمارەی ئەو (ا)انەی کە تیایەتی (٢٥٧٨) (ا) بێت و ژمارەی (ل) (١٨٨٥)و ژمارەی (م)کان (١٢٥١) بێت، ئایا قورئانێك لە ماوەی (٢٣) ساڵدا بێتە خوارەوە چۆن دەتوانێت ئەو (الف)انە کۆبکاتەوەو بزانێت کە ژمارەی (الف) لە (ل) و (ل) لە (م) زیاتر دەبێت؟ ئەگەر ژیری ئەلیکترۆنی سەدەی بیست نەبێ کێ بە بیریدا دێت ئەو پیتانە بژمێرێت؟ فەرموو با قوتابیەکانی ساتێرو قۆلتێر وەلاممان بدەنەوە.

ئەنجام :

قورئان دەریایەکی بێ بنەو بونەوەرێکی پان‌و پۆڕە، نە بەم سەرپێییەو نە بە هەزاران کتێبی ترو نە بە گەورەترین ژیریی ئەلیکترۆنی ئەم دەریاو ئەم بونەوەرە گەشت ناکرێت‌و کۆتایی نایەت، بەڵام ئەوەی کە من مەبەستم بێت ئەوەیە وەک کورد دەڵێت: (ئەو کەسە کەسە، حەرفێکی بەسە)، خۆئەگەر ناکەسیش بێت نە بە من‌و نە بە هیچ مرۆڤێك ناکرێت بە کەس.

زۆرم لێ پرونە ئەگەر بە دڵ گوێ گیرابێت بۆ ئەم لێکۆڵینەوە سەرپێییە هەرکەسە بێ لایەنگیری کردن سەیری باسەکە بکات، پرپەپڕی دڵی‌و میشکی باوەڕ دەهێنێت کە قورئان نێرراوی خوایە، ئەو خوایەی کە خاوەنی ئێمە و موحەممەد و هەموو بونەوەرە، ئەوەش کە بڕوا ناکات قورئان پێی دەڵێت:

(قُلْ فَأْتُواْ بِسُورَةٍ مِّثْلِهِۦ وَٱدْعُواْ مَنِ ٱسْتَطَعْتُم مِّن دُونِ ٱللَّهِ) (يونس: ٣٨)

خۆ ئەگەر ناشتوانن بە وێنەی ئەم قورئانە تاقە سورەتێك بنوسن‌و بڵێن، دەبابزانن کە ئەنجامی لاساریی‌و سەرپێچییان ئەوەیە کە لە قورئاندا خوا دەفەرموێت:

(فَإِن لَّمْ تَفْعَلُواْ وَلَن تَفْعَلُواْ فَٱتَّقُواْ ٱلنَّارَ ٱلَّتِى وَقُودُهَا ٱلنَّاسُ وَٱلْحِجَارَةُ أُعِدَّتْ لِلْكَٰفِرِينَ ﴿٢٤﴾) (البقرة: ٢٤).

سەیدصادق

١٩٧٦/٧/١٣

سوپاس :

* زۆر سوپاسی برای خۆشەویست کاك (بەختیار ئیبراهیم هەرمنی) دەکەم کە ئەرکی لە چاپدانی ئەم نامیلکەیەی خستە ئەستۆی خۆی.

* زۆر سوپاس بۆ وێنەکێش کاك (عەبدولقادر میرخان) و خۆشنوس کاك (موحسین حسەین پیرۆت)و کاك (هیوا عومەر ئەحمەد) کە بەرگی نامیلکەکەو سەردێڕەکەیان بۆ ڕازاندمەوە.

* زۆر سوپاسی کرێکارانی چاپخانە دەکەم بەتایبەتی پیت ڕێکخەر کاك (عوسمان مەحمود کەریم).

م. شارەزووری

ئەم کتێبە :

هەڵسەنگاندنی قورئانە بە تەرازووی زانیارییەکانی تازەو ژیریی ئەلیکترۆنی و دۆزینەوەی دانەرەکەی.

ناوەرۆك

پێشەکی : ٣
بۆچوون ٦
نەخوێندەواری موحەممەد ٨
مەبەستی چی بوو ؟ ١٠
جیاوازی حەدیث و قورئان ١٦
ڕەخنەگرتنی قورئان لە موحەممەد ١٨
هەواڵدان بە پاشەڕۆژ ٢٤
ئیعجازی قورئان ٢٨
قورئان و ژیری ئەلیکترۆنی ٣٥
دکتۆر ڕەشاد دەڵێت : ٣٧
ئە نجام ٤١
ئەم کتێبە ٤٣
ناوەرۆك ٤٤